## شەهیدانی قوربان و شوبات ... خاڵی ئومێد

بەگیانی هەموو شەهیدانی کوردو کوردستان پێشکەش بێت
لەپێش یەکی شوباتی خوێناوی
لەساڵی دووهەزارو چواری خەماوی
خۆشی و شادی لەکوردستان
دەبووە نسیب و بەشی هەمووان
هاوکات لەگەڵ خێرو خێرات
جەژنانەش دەرا بەخەڵات
هەر بۆیە لەجەژنی قوربان
لەرۆژی گەردن ئازایی و خۆ بەقوربان
دەستە دەستە وەک دابی ساڵانە
چونە لقی دوو بۆ جەژنانە
تا دڵی خەڵکی ڕازی بکەن
گلەیی لەسەرکردەی کورد نەکەن
لەکاتی خۆشی و پێکەنین
بەدفەرێکی پیس و بێ دیین
هاتە ژوورەوە بۆ جەژنانە
بەلام خۆی تەقاندەوە بێ ئیمانانە
پارچە پارچە بوو وەکو سەگی هار
خوێنی پیسی ڕژا بەکورسی و دیوار
چەندان خەڵک و ئەندامی جوان
بونە قوربانی بۆ ڕێ کوردستان
کاکە شەوکەتی سەرکردەو سیاستمەدار
لەگەڵ ئەحمەدی قائیمقامی شار
لەگەڵ کاک سامی و گەورە پیاوانی ناودار
هاوکات مەحمودو خەڵکی تری هەژار
تیکڕا شەهید بوون لەم ڕۆژە جوانە
گیانیان تێکەڵ بوو ئەم هەڤالانە
جێگای هەر یەکیان بەهەشتی پانە
ڕیسواو ڕوو ڕەشیش بۆ تیرۆرستانە

---- 2007 /2/12- (پیرمام) ی سەرکەش ----

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.